

# گەلەری لە شارستانیەتی ئەوروپایی دا !؟

خوێنەری خۆشەویست گالەری ئاکاریکی جوان و نایابی شارستانیەتی ئەوروپایە لەخزمەتکردن بەهونەری شێوەکاری و پێش کەش کردنی هونەرمەندان و ناساندنیان بەکۆمەڵگا بەباشم زانی گفت و گۆیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری خاوەن (گالەری. گەلۆ بۆ بۆشین دووم) بەڕێز (فابیان) بەئەنجام بگەیەنم دەنگەکانی شاری(لیل) لەوڵاتی فەرەنسا. گەلەری ناوبراو یەکێکە لە گالەریە بەناو زیاتر تێگەیشتنمان لەم بابەتە و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پەیوەستەکانی نێوانی خاوەن گالەری و هونەرمەندان

■ شێرکۆ جەلال

■ *شێرکۆجەلال:* چۆنیەتی ئەم کارەت بۆ ڕێکەوتێکی ژیانت دەگەڕێنیەوەیان نمونەی کارێکی پرۆفیسیونالەی کەی؟

■ *فابیان:* ئەمەدەکرێت بڵێم چیرۆکی هەموو ژیانی منە. لەم کاتانەی کە هێشتا تەمەنم زۆر بچوک بوو خاوەنی باوکێکی زۆر هێژاو کراوەو تێڕوانینێکی زۆربیرمەندانەشی دەربارەی هونەر هەبوو هاوکاتیش بەستراوەی کارێک بوو کەدەبوایەهەر دەم لەسەفەر بێت بۆ هەموو لایەکی جیهان. منیش ئەم ڕەوشەم بۆ ڕەخسا کەبتوانم بەشداری گەشتەکانی بب□م هەر هەرچەند ەباوکم یەکێک نەبوو لەکڕیار و کۆکەرەوەکانی بەرهەمی هونەری بەڵام خاوەنی هەستێکی ناسک ودەست پێش کارێکی لەدایک بووی هەستێکی جوانی بەرهەمی هونەری بوو .هەروەها بیسەرێکی هەمیشەیی میووزیک بوو چێژوو ئارەزوویێکی تایبەتی بۆ ک بەم شێ هونەری شێوەکاریی و پەیکەرتاشی هەبوو. کەواتە دەکرێت بڵێم دەست پێکی پەروەردەیم وەک سەرەتایەوەیەبوو. هیچ ڕۆژێک بۆیەش توانیم سەردانی گشت مۆزەخانەکانی جیهان وگالەری وگشت شوێنەکانی تری هونەری بکەم لەژیانم بیرم نەدەکردەوە کارێکی وا لەئەستۆ بگرم لەجیهانی هونەر. چونکەخۆم قوتابی کۆلێژبوم پیشە تاییبەتیەکەی خۆم بوم. لەبەر ئەوەی گەیشتمە ئەم باوەڕیەی کەدەبێت من ژیانی خۆم بۆ ئەم کارەهونەریە تەرخان بکەم بەڵکو من کەسایەتی خۆم زێدەتر لەم کارەدا دەدۆزمەوە. بۆیە بەپێویستم زانی بەر بۆلەبەشی مات ماتیک گەیشتبوومە ئاستێکی باڵای خوێندن لەم بەشەی زانست هاوکات لەگەڵ کۆمپانیایێکی ئەمریکی لەم بوارە تاییبەتمەندیەی خۆم کارم دەکرد بەڵام لەناکام بەهۆی ئەم کارەی ئیمڕۆم دەست بەرداری لەهەموو شتێک پێوویستە جۆرێک لەئامادەکاری هەنگاوی یەکەم بڕوانامەیەکی لیسانسم لەمێژووی هونەر وەدەست هێنا بۆ پلەی دووەمیش

بۆ ماوەی چوار ساڵ لەمۆزەخانەی لۆڤەر لەشاری پارس سەر قاڵی خوێندنی تەکنیکی هونەرو و شارەزایی شێوازە هونەریەکان وتادەگاتە کاری وێنەکێشان و چارەسەری بەرهەمە هونەریەکان و هەموو کارێکی تری پێویست دەربارەی هونەری پلاستیک.

ئیمڕۆ کە تەمەنم پەنجاو سێ ساڵە گەیشتمە ئەوەی کە بتوانم دبلۆمێک وەدەست بێنم لەهەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری و تێگەیشتن لەتابلۆیەکی شێوەکاری ئەمە هەرچەندە ڕێگایەکی دوور و درێژ و سەخت بوو بەڵام لەئاکام ئەوە بیست و دوو ساڵە ئەمن لەگەڵ ئەم کارەدا بەڕێوەم. جگە لەوەی ئەم گالێریە بەڕێوە دەبەم هەوڵ دەدەم ئەنجام بدەم. وەک هونەرمەندە گەنجەکان بەجیهانی گەلەریەکان بناسێنم و بتوانن کارەکانیان لەگەلەریە ناودارەکانی فەرەنسا پیشان بدە.

■ **شێرکۆجەلال:** بەگشتی بازاری ئیمڕ هونەری شێوەکاری لەچی ئاستێک دا دەبینن؟

■ **فابیان:** لەو باوەڕەدام ئیمڕۆ بازاری هونەر بازارێکی نەخۆشەیان ئازاراویە. ئیمڕۆ کالتوری کڕینی تابلۆی هونەرمەندانێکەیان لەژیان نەماون یان زۆر ناودارن. لەڕاستی دا تاوەک و ساڵی هەزارو نۆسەدوو نەوەتوو یەک بازاری هونەری شێوەکاری لەو پەڕی گەشەدان وەدەکرێت بڵێم لەچەرخی زێڕین دابووبۆ هەموو شێوازێکی هونەرو هونەرمندانێک لەفرۆشتن دا. بەڵام پاش شەڕی کەنداو ئەم بازارە بەتەواوەتی چەماوەتەوە واتە لە کورتی دایەو بازار بەتەواوەتی شکاوە. هەتاوەکو بۆ نمونەوڵاتی ژاپۆن وەرگرین کەبازارێکی گەورەی ئەم هونەرەیە ئیمڕۆ ئەوانیش تەنها تابلۆی ئەم هونەرمەندانەدەکرن و دەفرۆشنەوەکەلەژیان نەماون واتەگەرمی بازاریان لێرەدایە. ئیمڕۆ بەهیچ شێوەیەک گرنگی بەهونەرمەندی گەنج و نەناسراو نادرێت. هەتا وەکو ئەگەر تابلۆکانیان لەئاستێکی بەرزی هونەریش دابن. ئەو بازاڕەی ئیمڕۆ من گرنگی پێ دەدەم بازارێکی بێ کڕیارە زێدەتر بازاری هونەرمندانێکی گەنجن پێویستیان بەیارمەتی هەیە لە پێناوی ناساندنیان ئێمە کۆشش دەکەین چەند تابلۆیەکیان بۆ بفرۆشین بۆوەی بینەناسین بەڵام بەداخەوە بینەرانی مەزنی ئەم هونەرە گرینگیان پێ نادەن بەهەر حاڵ ئەم ئومێدە لە پێش نیەکەمن و هونەرمەندان خەونی پێوە دەبینین. بێ گومان نابێت ئێمەئەم کێشەسەرەکیە لەبیرکەین کەئیمڕۆ گەلەریەکان دووچاری بوونەتەوە واتە لە ڕەوشێکی نالەبار بەڕێوە دەچن گەلەریەک ئەگەر زۆر ناسراو ناو دار نەبێت بینەر ڕوی تێناکەن بێگومان کەبینەریش تاکە هۆی هەڵسوڕانی فرۆتنی بەرهەمی هونەریە.

■ **شێرکۆجەلال:** ئێوەناچەند گرینگی بەپێشکەش کردن و ناسینی هونەرمەندانی بێگانەدەدەن؟

■ **فابیان:** هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار سەرنج و گرینگی من ڕادەکێشن لەماوەی ئەم بیست و دوو ساڵەی کارکردنم لەم بوارەدا هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەندەها ڕەگەزی جیاواز پەیداکردووە ڕێکەوتی ژیانم وای کردووە ئەم کۆمەڵە هونەرمەندەی کاریان لەگەڵ دەکەم نووسراوی جیاوازو پەیامی جیاواز بن منیش خۆم هەر بەدوای ئاسنامە نەناسراوەکان دا دەگەڕێم بۆیە ئیمڕۆ لەگەڵ ئەم ڕەگەزانە کاردەکەم رۆمانی، ئەڵمانی، بەنگلادیشی ئیسرئیلی، بەلجیک وکوردیش سێ خاڵی تایبەت من بەم هونەرمەندانە دەبەستێتەوە کە پێشکەش یان دەکەم .یەکەم بەهاو بایی ڕەسەن لەبەرهەمەکانیان. دووەم بیرکردنەوەی ناخی ئەم هونەرمەندانە وەک مرۆڤ ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتیەبۆ خاوەن گەلەری رونتر چەند بنەمایەکی بنەڕەتی هەن لەنێوانمان پێوویستە بیان پارێزن ئەم بەروو ئەو بەر نەکەن رازی نەبن بەپێش نیاری هەموو گالەریەک ئەگەر یەکێک لەم خەسڵەتانەی باسم کرد کورتی بێنێ کارەکانمان وەک پێوویست بەڕێوە ناچن. بەهەرحاڵ لەلایەک ڕێکەوت لەلایەکی تر چێژەکەمنی باڵکێشی لای ئەم هونەرمەندانە کردوەو مامەلەیان لەگەڵ دەکەم هاوکاتیش هەست دەکەم هەر یەکەیان خاوەن مێژوویێکی تایبەتن. گرینگەلەلایەنی من ئەوان خەریکی بردنە پێشەوەی کارەکانی خۆیانن بەرەو ئاستێکی بەرز تری دەبەن منیش بەپێوویستی دەزانم ئامادەیان هەبێت لەگەلەریەکەم

شێرکۆجەلال: ئایا دەکرێت باسی جۆرەکانی جیهانی گەلەری بکەیت بەشێوەیەکی گشتی لەشارستانیەتی ڕۆژئاوایی دا؟

■ **فابیان:** لەڕاستی زەحمەتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەلەوەدایەلەوانەیەبۆخەڵک انێک ببێتەمایەی خۆش بەختی و بۆ خەڵکانێکی تریش دڵ زووێری .ئەمەش ڕاستیەکەهەر دەبێت باسی بکرێت. ئەگەر وڵاتی فەرەنسا بەنمونەبگرم دەکرێت بێژم کەژمارەیەک لەگەلەری زۆرکەم و بەناو بانگ هەن.تایبەت مەندی گەلەری ڕەسەن لەوەدایەتا چەند بەدوای هونەرمەندی ڕەسەن دادەگەڕێت و تاچەند هەوڵی ئەوەدەدات پشتی. هونەرمەندەکەبگرێت و زێدەترکارەکانی پیشان بدات بێ بیر کردنەوەلەفرۆشتن .واتەئامانجی یەکەمی گەرەکەناساندنی هونەرمەندەکەبێت بەر لەهەر شتێکی تر. دەبێت لەهەوڵی ئەوەبێت پایەو پێناسەو سەنگێکی بۆ بدۆزێتەوەلەناو ڕیزی خەڵک لەئاکام ببێتەسەرنجی بینەرانی بەرهەمەکانی .لەوڵاتی فەرەنسا گەلەری هونەری هەن منیش بەشداری لەم لایەنەدەکەم وەک خاوەن گەلەری واتەپێشوازی لەهونەرمەندی گەنج و ڕەسەن دەکەم تایبەتمەندی کارەکەشم لەوەدایە هەڵگێڕی وەرگێڕی بەر هەمەهونەریەکانین بکەم وبیان ناسێنم بەبینەرو بەرەو سەر کەوتن هەنگاو بنێن .جۆرێکی تری گالەری لەوڵاتی فەرەنسا هەن تەنها کاری کۆپی و چاپ دەفرۆشن کەلەلایەن هەندێک هونەرمەندان ئەنجام دەدرێن.

لەفەرەنسا بەم جۆرەکارانەدەڵێین (کخۆپۆ) واتە وردەهونەر نەوەک داهێنان لەڕاستی ئەم جۆرەکارانەبەکاری هونەری

ناژمێردرێن بەڵام لەوەنەیەکاریشیان لەئێمە باشتر بۆ هەڵ بسورێت. هەرچەندەئەم کارانە دووبارەی تابلۆی هونەرمەندانێکن سەدان ساڵ بەر لەمەوو پێش ئەنجامیان داوەهەڵگری تەکنیک و وردەکاری و ماتەریەلی هونەری زۆرباشن. بەڵام من هیچ گرینگی لەم جۆرە دووبار کردنەوەیە نابینم وەئەگەر مەبەستم دیدەنی ئەم تابلۆیانەش بێت دەڕۆم لەمۆزەخانە و گالەریەبەناو بانگەکانی جیهان ئۆری ژینالی ئەم کارانەسەیر دەکەم.

لەڕستی من هیچ جۆرەگرینگی لەوەدانابینم کاتی تابلۆیەکی (مۆنێ) یان (ڤان کوخ) دەبینم لەلایەن هونەرمەندانێک دووبارە کراوەتەوە بەبیر کردنەوەی من ئەم جۆرەگەلەریەی ئەم کارانەنمایش دەکەن هیچ هێلێکی هونەریان نەگرتۆتەبەر. لەڕاستی گەلەری ڕاستەقینەبەر هەمی خاوەن بەها نیشانی بینەرانی دەدات. چونکەلەڕاستی دائەم کارەی من باسی لێوەدەکەم پەیوەندارە بە مەسەلەی دارایی و بژێوی ژیان چونکەلەگالێری هەندێک کاری هاسان هەن و پارەی زۆر باشیشی پێ پەیدا دەکرێ بەڵام هیچ گرینگێکی هونەریان نیەبەڵام ئەم کارەی ئێمەدەیکەین ڕاستەسەر ئێشەی زۆری تێدا بەڵام گەرەکەئەم کارەبکەموو ئەم ڕاستیەی باسی لێ دەکەم بەخەڵکی بیناسێنم فرۆشیاریش بۆ ئەم جۆرەبەرهەمانەپەیدا بکەم چونەکەئەم جۆرەهونەرەی من مامەلەی لەگەڵ دەکەم ڕەوشێکی تازەکاری هونەری پیشان دەدات.

■ **شێرکۆجەلال:** ئایادەکرێت تیشک بخەیتەسەر پێداویستیەکانی نێوانی خاوەن گەلەری و هونەرمەندان

■ **ڤابیان:** لەوڵاتی فەرەنسا کۆمەڵێک ئاداتی باوی کۆمەڵگا هەن نمونەی خەسڵەتێکی باو ڕەفتار دەکرێن لەگەڵ هونەرمەندان بەر لەهەر شتێک نرخی تابلۆ هونەریەکان لەنێوانی خاوەن گەلەری و هونەرنەمەندان دەست نیشان دەکرێن بێگومان کۆشش دەکەین شتێک ئەنجام دەین هاو ئاهەنگ بێت لەگەڵ بازاری هونەر لەم وڵاتە.بێگومان بەر لەکردنەوەی پێشنگا کۆمەڵێک پارەخەرج دەکرێت بۆ چەند کارێکی پێویست لەوانەچاپی ئەفیش چاپی داوەت نامەخواردن و خواردنەوە لە ڕۆژی کردنەوەی پێشنگا بێجگە لە هەندێک باجی تایبەت کە گەرەکە بە دەولەت بدرێت هەروەها موچە تایبەتی کارمەندێک کە ڕۆژانە دەوام دەکات لە گەلەری و پێشوازی بینەران دەکات ئەم شتانەی باسم کرد هەر هەمووی پەیوەندن



**هونەرمەند شێرکو جەلال دگەل خوەدیێ ئاتێلیا (بوشین دووم)**

بە پارەوە وە گرینگیشە ئامادەبکرێن. جگە لەوەی گەرەکە شارەزایشت هەبێت، پاریس بۆ بینینی پێشنگایەک ئەمەش پارەیەکی خەیاڵی دەوێت ئەو دەتوانی دابینی بکات من لەتوانام دا نیە ئەم جۆرە کارە بخەمە سەر ئەستۆی خۆم. کەواتە ئەم کارەی من بەڕێوەی دەبەم بە پێچەوانەی کاری کلۆد بێرناردە من خۆم یارمەتی جۆرە هونەرمەندانێک دەدەم کە پێویستیان بە پارە هەیە زۆر جار لەسەدا سی پارەکەیان لێ وەردەگرم ئەمەش بە پێویستیەکی سەر شانمی دەزانم. جۆری سێ هەمیش پێ ئەنجام نادرێت چونکە ئەو زۆر بەهاسانی کڕیاری بەرهەمی هونەرمەندان دەتوانی زیاد بکات و بەشێوەیەکی بەرفراوانیش بەخەڵکی دەناسێنێ. کلۆد بێرناری دەهەزار کریاری تایبەتی خۆی هەیە لەناو کەتەلۆگی تایبەتی گەلەریەکەی ئەم کەسایەتیە لە توانای دا هەیە بەسێ تەلەفۆن لەگەڵ گەورەترین کڕیارانی وڵاتی ئەمریکا قسەبکات و داوەتیان بکات بۆ لەگەلەری ئەوەگەلەری (ئەنتی کویتێ) ئەم لەشاری پارس و هەروەها لە جیهانیش ناو بانگی دەرکردوە. کلود بێرنارد لە سەدا حەفتا یان هەشتای فرۆشراوەکان بۆ خۆی دەبات واتە لە سەدا بیستی بۆ هونەرمەندەکە دەمێنێتەوە ئەمەش بۆ ناو بانگی کەسایەتی خۆیی و گەلەریەکەی دەگەڕێتەوە هەروەها ئەو کڕیارانەی کلۆد بێرنارد بۆ هونەرمەندەکەی پەیدای دەکات هەموو گەلەریەکی تر ئەم کاری گەلەریە بەڵام هەندێک جار جۆرێک لە هاوکاری درووست دەبن لەنێوانمان بەر پرسیاریەتی خاوەن گەلەری و هونەرمەند دەپارێزن لەبەڕێوەبەرایەتی ئەم کارانە. ئەگەر بێمە سەر باسی فرۆشتن و دابەشکردنی پارە ئەوە لە سەدا پەنجای هەر فرۆشراوێک بۆ خاوەن یان گۆرینەوەی بەرژەوەندی تایبەت لە مامەلەو سەودای کارەکان ڕۆڵی تایبەت و گرینگیش دەگێڕن لە کارەکانمان نمونە ئەگەر هونەرمەندێک کارەکانی لەلای من پیشان بدا بەیانی بێ ئاگاداری من بڕوات بۆ پاریس کارەکانی لەلای گەلەری (کلۆد بێرنارد) پیشان بدات کە یەکێکە لە بەناوبانگترین گەلەری گەلەریانەش تەنها بەدوای پارچە هونەریە کۆنینەکان دادەگەڕێن واتە زێدەتر شتی دەست کردە نمونەی مۆبلێکی ناو ماڵ یان هەر کەلوپەلێکی تری کۆن. هەندێ جارەش تابلۆی هەندێ هونەرمەندی نەناسراو پیشان دەدەن کەناویان لەسەرتابلۆکان نەنوسراوە بێگومان ئەم گەلەریانەش کڕیاری تایبەتی خۆیان هەیە.